ەوو ،لە یەکێک لە دەفتەرە تێبینیەکانیدا ئاماژەی بە دەکات و ناوی ناوە "دیاردەی بچووک" و لە فەلسەفەکەشیدا شرۆڤەی کردووە . ئیلهامبەخش بوو لەم پێوەندیە بینراوەی نێوان چاودێرو دیاردە لە مایکرۆفیزیادا بە چەمکێکی نوێی بابەتگەرایی ، بەم پێیە هەنگاوی هاویشت بە تێکەڵ کردنی زانست بە فەلسەفەی پراکتیک بە شێوەیەکی سیسماتیکانە . ئەوەی بە زانست گرنگە بابەتیەتی واقیع نییە بەڵکو ئەوەی بە مرۆڤ گرنگە پەرەپێدانە بە میتۆدەکانی و بەردەوام ڕاست کردنەوەی ئامرازە مادی و لۆژیکەکانیەتی (لەوانەش بیرکاری). ئەوەی بە ئەو گرنگە کولتوورە و دواجار پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ واقیع لە ڕێگەی تێکنەلۆژیاوە. تەنانەت لە زانستیشدا گەیان بەدوای حەقیقەتدا بە دابڕان لە مرۆڤ لە پارادێکسێک زیاتر نییە . بەم شێوەیە گرامشی سەر لە نوێ تێزێکی بنەڕەتی مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) داڕشتەوە " سەبارەت بە فەلسەفەی پراکتیک .گرامشی دەنووسێت ناتوانرێت بوون لە بیرکردنەوە دابڕێت ، هەروها مرۆڤ لە سروشت، یان چالاکیی لە مادە، یان سوژە لە ئەبژە دابڕیت . ئەگەر مرۆڤ ئەم دابڕانە پراکتیزە بکات دەکەوێتە ناو ئەبستراکتێکی بەماناوە.

3. فەلسەفەی واقیعی و مێژووگەرایی.

ڕفەلسەفەی پراکتیک فەلسەفەیەکی واقیعیە ، سەرەتا بەو دانپێدانانە دەست پێدەکات کەهەموو مرۆڤێکان فەیلەسوفن ، پاشان سنوور و تایبەتمەندییەکانی ئەم "فەلسەفە خەبەخەیە" لە زمان و عەقڵی ساغدا دەدەزێتەوە ،هەروەها لە تێوانینی گشتی (ئاینی، ئەفسانەیی و خورافات) و گەردووندا دەیاندەزێتەوە.دەشێت فەلسەفە ئەکادیمی بێت بە پێی فەیلەسوف ڕێنگە پێوەندی بە فەلسەفەی خەبەخەوە هەبێت ، بەڵام لایەنێکی هونەری تایبەتی هەیە جەوهەری ئەم لایەنە هونەریە لەوەدایە کە فەیلەسوفی پیشەیی درک بە مێژووی وردی ئەم کەشانە دەکات ، واتە مێژووی فەلسەفە . ئەگەر ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە فەلسەفەی خەبەخە دیسان مێژوویی و گەڵاوێ و هەکاری مێژوویی بە گەڵانکاری هەیە تەدەگەین بە مانای ڕاستەوخۆ ئاشکرا مرۆڤ ناتوانێت فەیلەسوف بێت ، واتە تێوانینێکی ڕەخنەیی یەکگرتووی هەبێت بە جیهان [تەنها فەیلەسوفە ناخەبەخکان] بە بێئەوەی درک بە مێژوویی بوونی بکات لە ئاستی کەنکرێتیدا، واتە لە ڕووی مێژووییەوە، () دەبێت فەلسەفە لە سیاقی پراکتیزەی (کردەی) مرۆییدا تێبگەین. گرامشی بە کورتی چەند ساتەوختێک لە مێژووی فەلسەفە دەخاتە ڕوو کە تیایدا بیرمەندە مەزنەکان ئەو ڕێگایان خۆشکردووە کە مارکس کردیە ڕێڕەوی سەرەکیی فیکری خۆی: قۆناغی تۆماس، کە هەشتا لەسەر ڕێچکەی یەنانیەکان بوو، بەڵام بە

جەختکردنەوەیەکی زیاترەوە، فەری کردین کە "ئەقڵی تەنامانیی فراوانخواز بە پراکتیزەی کردەیی گونجاوە". بەڵام لایبنیتز و ڤیکۆ، بە پێچەوانەی ئەوەوە، کەوتنە شوێن چالاکیی فیکر: "جادووگەرە تەنامانییەکان چین، جادووگەرانی پراکتیزەن" (گۆتفرید لایبنیتز (١٦٤٦ – ١٧١٦)) "ڕاستی بریتییە لە واقیع" (ڤیکۆ). لە کۆتاییدا، هیگڵ ، گرامشی ئاماژە بە بوونی داشتنکی هاوشێوە دەکات لە ڕووی شێوەی تەرتولیان (نزیکەی ١٥٥/١٦٠ تا دوای ٢٢٠ ز)) فەری دەکردین کە "هەر شتێک واقعی (حەقیقی) بێت، ئەقڵانییە". فەلسەفەی پراکتیزە (پراکتیس) جارێکی تر ئەم ئاوەدانەوانە دەخاتەوە ڕوو: مەسەلەکە ئەوە نییە کە تەنامان درێژ دەبێتەوە بە پراکتیزە، یان هاوتەریبی دەبێت، یان لەناو خۆیدا دەیتوانێتەوە، بەڵکو واقیعی مرۆیی [شتێکی] کردەییە، دەستکردی مرۆڤ و زانینیشی بریتییە لە دروستکردنی . بۆیە بابەتی مرۆڤ بوون دەگۆڕێتەوە کێشەی سەرەکی و یەکەمی فەلسەفەیە . ۞

۞ 4. کێشەی یەکەم و سەرەکی

۞ کاتێک پرسیارێک دەکرێت "مرۆڤ چییە؟" ئەمە نامانەوێت (لە ڕووی فەلسەفییەوە) پێکهاتەی بایەلۆژی مرۆڤ بزانین، چونکە ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بوایە، دەبوو چاوەڕێی ئەنجامی هاوتاکانی زانستە سروشتییەکان بکەین، بەڵکو ئەوە شتێکی دیکەیە: "مرۆڤ دەتوانێت ببێتە چی؟" واتە ئایا مرۆڤ دەتوانێت چارنووسی خۆی کۆنترۆڵ بکات، ئایا دەتوانێت خۆی دروست بکات ، ئایا دەتوانێت ژیان بە خۆی دروست بکات؟ . هەموو فەلسەفەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، چونکە مرۆڤیان وەک کورتکراوەیەک لە تاکایەتیەکەیدا سەیر کردووە. بەڵام ئەو مرۆڤایەتیەی لە تاکدا دەردەکەوێت، لە سێ جۆر هەگزز پێکدێت: یەکەم تاک خۆی؛ دووەم ئاوانی تر ، سێیەم سروشت ، هەگزی دووەم و سێیەم ئاهەزن.
تاک بە شێوەیەکی میکانیکی لەگەڵ ئاوانی تر و لەگەڵ سروشتدا ناچێتە ناو پەیوەندییەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئۆرگانیک (لەگەڵ ئاوانی تر)، و نەک تەنها (لەگەڵ سروشت) چونکە سروشت خۆیتی، بەڵکو بە شێوەیەکی چالاکانە لە هەگزی کار و تەکنەلۆژیاوە لەوانەش لەم چەمکە کۆتاییدا ئامرازە عەقڵانییەکانە واتە زانست و فەلسەفە . لە هونکردنەوەی کۆتایدا گرامشی پەلەک دادەمەزرێنێت بە ناوی "گرێبەست" بگەومان یەکێک لە وەهمە دەکترینە مارکسیستەکان پێکدێنێت بە شیکاری بونگرایی ، جگە لەوەش ئەم پەیوەندیانە چالاک و هەشیارن، واتە گونجاوە لەگەڵ تێگەیشتنی مرۆڤایەتی لەیان بە پلەیەکی جوازەوە .

ڕوبەڕوی دەکرێ بەڵێن هەموو مرۆڤێک خۆی دەگۆڕێت و خۆی ئاست دەکاتەوە ، بۆ قۆناغێکی گرنگتر و ئاست کردنەوەی ئەو پێوەندیانەی کە سنتەرو ناوەندی ئەوە . لەم قۆناغەدا داشتنەوەی تەواوکاری سەبارەت بە چەمکی سروشتی مرۆڤ لە لایەن مارکسەوە بە گرامشی هەژمار دەکرێت. ئەگەر بڵێین سروشتی مرۆڤ کەی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە [وەک مارکس وتی] ، دەخڵەکێرترین وێنەیە، چونکە بیرکەی بوون لەخۆدەگرێت، هەروەها دەشێت بڵێین سروشتی مرۆڤ بریتیە لە مێژوو .

٥ – پێکهاتەی سیاسەتی ڕۆشنبیری

ژیان و ژیانی جیهانی مرۆڤ، واتە مێژوو و کولتور جیاوازن و دژ بەیەکن. لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا کۆمەڵێک کەس هەبوون کە چەمکەکی ڕووناکیان بە جیهان هەیە، بە چڕنکیتر سەرکردە ڕاحیەکانی هەر کۆمەڵگایەک وەرگرین چەمکەکی دیکەیان هەیە بە جیهان، لانیکەم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە پراکتیکدا دژایەتی چەمکی یەکەمیان دەکات . ئەم پێکهاتەی ڕۆشنبیری سەرەتایی چینێکی بادەستە، یان چینێکی ژێردەستە، لە فەرهەنگی دیاردەناسیی گرامشیدا لەم دۆخە ڕۆشنبیریە دژبەیەک و دابەشبووەدا تێگەیشتن لە [چینە بادەستەکانمان] بە ئاشکرا دەبەت لەڕێگەی ململان بە بە دەست هێنانی هژموونی سیاسیەت . سەرەتا لە بواری ئەخلاقدا، پاشان لە بواری سیاسەتدا، بە ئەوەی بگاتە فەرمولەیەکی باڵاتری چەمکی تایبەت لە واقیع . هۆشیاریی سەر بە هێزێکی دیاریکراوی بادەست =[چینی کۆمەڵایەتی] ، واتە هۆشیاری سیاسی قۆناغی یەکەمی خود هۆشیاری دواتر پشکۆتنخوازانە، کە تیایدا تیۆری و پراکتیک یەکدەگرن ، دواجار ئەم ڕێگە بە گۆشکردنی تەواوی تاک دەدات .
بەم پێیە یەکێتی تیۆری و پراکتیک ئاستیەکی میکانیکی نییە بەڵکو پرسیەکی مێژوویە . کاتێک پرۆلیتاریای دەسەڵاتدار هژموونی خۆی دەسپێنەت و دەوڵەتی خۆی دروست دەکات، بناغەکانی گۆشەندنی تەواوی ڕاحی خۆی دادنەت؛ دەگاتە ساتێکی "پاککردنەوە" کە تێیدا چیتر بەهای بەرژەوەندیە خۆپەرستە کۆنەکانەوە ناجووڵێت کە پشتر بە بەردەوامبوونی پێویست بوون. بەڵام سەرکەوتن لەم گۆشکردنەدا لەم داهێنانە کولتووریەدا تەنیا پێوەست نییە بە فاکتەرکانی هێزەوە. گرامشی لەرەدا پێویستی ئاستی زانستی و " وێنای لێژیکی پێویست" بە یاد دەهێنێتەوە. تەنیا کاتێک ئەمانە هەبن دەتوانرێت حەقیقەتی مێژوویی بەدەست بهێنرێت و لە هەمان کاتدا تێکەڵ بە واقیع بکرێت . ئەوش ڕوونە کە بنیاتنانی بکۆمەڵ لەم جۆرە ناتوانرێت بە ئارەزووی خۆیان ، لە دەوری هەر ئایدۆلۆژیایەک لە ڕێگەی ئیرادەی بنیاتنەری فەرمی کۆمایەتیەک یان گروپێکەوە ئەنجام

بدرێت کە لە فەناتیزمەوە بۆ چەمکە فەلسەفی یان ئاینیەکانی خۆی پێشنیاری دەکەن . پابەندبوون یان پابەندنەبوونی جەماوەر بە هەر ئایدۆلۆژیایەکەوە ڕێگای پشتڕاستکردنەوەی ڕاستەقینەی عەقڵانییەت و مێژوویبوونی شێوازەکانی بیرکردنەوەیە . ئا لەرەوەیە گاڵتە کردنەکەی گرامشی کە لە (ماركسەوە وەریگردووە) تەنها بە ئایدۆلۆژیەکان ، ئەم بابەتە میراتی گەورە ماركسیستە هاوچەرخەکانی ئیتالیایە وەکو سێزار لوپارینی (1909-1993) . ە

گرنگترین بەناوکراوەکانی گرامشی دوای مردنی بریتین لە: نامەکانی زیندان (1947)؛ ماتریالیزمی مێژوویی و فەلسەفەی بەندیتە کرۆچە (1948)؛ ڕێنسانس (1949)؛ ڕێنسانسی کلتوور (1949)؛ تێبینیەکانی ماکیاڤێلی و سیاسەت و دەوڵەتی نوێ (1949)؛ ئەدەب و ژیانی نیشتمانی (1950)؛ ڕابردوو و ئێستا (1951). داگەبەرت دی. ڕێنیست لە فەرهەنگی فەلسەفەدا (١٩٠٢-١٩٨٢) سەرپەرشتی کردووە و ساکریستان گریابێ (١٩٦٩) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئیسپانی ، ساکریستان ئەم نووسینەی خوارەوەی دەربارەی نووسەری "دەفتەرەکانی زیندان" خستووەتەڕوو:(١٨٩١-١٩٣٧)؛ سیاسەتمەدار و فەیلەسوفی ئیتاڵی، دامەزرێنەری حزبی شیوعی ئیتالیا. لە زانکۆی تۆرینەدا زمانەوانی و فیلۆلۆژیای خوێندووە (بە تایبەتی زانستی زمانەوانی)، بەڵام بەهۆی خەباتخشی و خۆ تەرخانکردن بۆ سیاسەت، خوێندنی زانکۆی تەواو نەکرد. بڕشداریی لە ڕۆژنامە سۆسیالیستەکانی "شارەفی گەل" و "پێشکەوتن"دا کردووە. گۆڤاری "سیستەمی نوێ"ی دامەزراندووە، کە ئاراستەی شیوعی (لێنینیزم) کردووەو بناغەی بیرکردنەوەی خۆی و بیرکردنەوەی سیاسەتمەدارە دیارەکانی دیکەی ئیتالیا (پالمیرۆ تۆلیاسی (١٨٩٣-١٩٦٤)) بووە.

دوای دامەزراندنی حزبی شیوعی ئیتاڵی، نوێنەری ئیتالیا بوو لە ئینتەرناشنالی سێیەم (کۆمینتەرن)، پاشان بوو بە ئەمیندارەی گشتی. لە ساڵی ١٩٢٦ زیندانی کرا و لە ٢٧ی نیسانی ١٩٣٧ کۆچی دوایی کرد، پاش شەش ڕۆژ لەو حوکمەی کە داواکاری گشتی حوکمەکەی بەم قسەیە پاساو دابوو: "دەبێت ڕێگری لەم مێشکە بکەین بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ کار نەکات". بەرهەمەکانی گرامشی پێکدێن لە وتار ڕۆژنامەوانیەکان کە پێش زیندانیکردنی بەناوکراونەتەوە، و نزیکەی سی دەفتەری یاداشتە کە لە زیندانەدا نووسیونی ("دەفتەرەکانی زیندان"). بەندیتە کرۆچە (١٨٦٦-١٩٥٢) نامەکانی گرامشی کە لە زیندانەوە نووسیبوونی، بە کارێکی کلاسیکی نوێی دەزانێت لە ئەدەبیاتی ئیتالیدا . گرامشی ماركسیستێک پێشنیار دەکات کە ناوی لێناوە "فەلسەفەی پراکتیک".

ئەم فەلسەفەیە پراگماتی نییە، بەڵکو شێوازێکی بیرکردنەوەیە کە کۆشە تیۆریەکان دەکاتە مێژوو بەوەی هەمیشە وەک کۆشەی کلتووری و ژیانی مرۆیی گشتگیر دیانبینێت: "ئەوەی بە زانست گرنگە ئەوەندە ئەبژێکتیڤبوونی ڕاستی نییە، ئەوەندەی بە مرۆڤ گرنگە میتۆدەکانی پەرەپێدەرات و بەردەوام ئامرازە ماددیەکانی و لۆژیکیەکانی (لەوانەش بیرکاری) ڕاستدەکاتەوە؛ ئەوەی بە ئەمە گرنگە کلتوورە. پەیوەندیی مرۆڤ بە ڕاستیەوە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە. تەنانەت لە زانستیشدا گەیان بەدوای ڕاستیدا دابەزان لە مرۆڤایەتی جگە لە پارادۆکسێک هیچی تر نیە . فەلسەفە دەبێت لە چوارچێوەی پراکتیکی مرۆڤایەتیدا تێبگەین، "بە شێوەیەکی کۆنکرێتی، واتە بە شێوەیەکی مێژوویی". کەواتە بابەتی مرۆڤ کۆشەی یەکەم و سەرەکیی فەلسەفەی پراکتیکە.

ئەو بابەتانەی کە لای فەیلەسوفە مارکسیە نەریتیەکان یان ئەکادیمیەکان، بەشە سەرەکیەکانی "ماتریالیزمی مێژوویی" پێکدەهێنن (واتە ئەو بابەتانەی لە "فەلسەفەی سەروشت"ی ئەمانسیەتەوە وەرگیراون)، کردیانە لە کارەکانی گرامشیدا بوونیان نیە. سەرەڕای ئەوەش بیرکردنەوەی گرامشی دووەمیەکی سێیەم دەوروژێنێت سەبارەت بە بابەتی ئایدیۆلۆژیاکان. گرامشی درکی بەوە کردبوو کە کاری فەلسەفی مارکس لە بنەڕەتدا ڕەخنەگرتنە لە ئایدیۆلۆژیاکان. بەڵام لە لایەکی تریشەوە گرامشی پێی وایە هەر بیرکردنەوەیەک کە پەیوەندی بە پراکتیکەوە هەبێت وەک مارکسیزم بە نموونە پێویستە تا ڕادەیەک بونیادنانی ئایدیۆلۆژی یان "ئەفسانە"ی تێدا بێت، وەک لە وتارە سەرەتایەکانی خۆیدا نووسیویەتی.ەگرامشی لە ساڵانی پێگەیشتنیدا، دووەم بوو لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەو چەمکی مارکسیزمی خۆی بە تەواوی لە ئایدیۆلۆژیاکەی دانەماڵی. بەڵکو پێنای بردە بەر جیاکردنەوەی نێوان ئایدیۆلۆژیا ئەرگانیە مێژوویەکان کە بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو پێویستن، و ئایدیۆلۆژیا هەڵەمەکی و عەقڵانییە "پەسەندکراوەکان". بەهەی ئەوەی لە ڕووی مێژوویەوە پێویستن، ئەم ئایدیۆلۆژیایانە خاوەنی باوەڕێکراویەکی دەروونین، چونکە جەماوەری مرۆیی بەکدەخەن و بنەمایەک پێکدەهێنن کە مرۆڤەکان تێیدا خەبات دەکەن و تێیدا هەشیاری لە هەوەستەکانیان بەدەست دەهێنن ….هتد."

ڕاکد الجبوری – حوارالمتمدن – ٢٤/ ١٠ / ٢٠٢٥

لە هۆشگاری کانتەوە بۆ هۆشگاری ژمارەیی "دیجیتاڵی" نوێ..و . لە عەرەبیەوە: یاسین لەتیف

(لە هۆشگاری کانتەوە بۆ هۆشگاری ژمارەیی "دیجیتاڵی" نوێ: دیدگایەکی شیکاری ڕەخنەیی لەسەر هەندێ فەلسەفی و کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکانی زیرەکی دەستکرد .)

ئاگەر هۆشگاریی تەقلیدی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهانی سروشتی دووبارە داشتبێتەوە، ئەوا هۆشگاریی ژمارەیی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودی خۆی دووبارە دادەڕێژێتەوە. ئاگەر پرسەی هۆشگاریی نەریتی پێشوو بۆ ئامانجی ئازادکردنی مرۆڤ بووبێت لە چنگی ئەفسانە و دەسەڵاتی هێزە لە هۆگەی گەورانەوەی سەروەری بە عەقڵ ، ئەوا هۆشگاریی دیجیتاڵی هووبەووی کۆشەی ئازادبوون لە دەسەڵات و زاڵبوونی مەدلۆل ژمێریارەکان دەبێتەوە کە کۆنترۆڵی بەسەردا نییە. هۆشگاریی دیجیتاڵی تەنیا پشت بە عەقڵی تاکەکەسی نابەستێت، بەڵکو پشت بە عەقڵی بەکۆمەڵ دەبەستێت کە ئەلگۆریتمەکان دروستی دەکەن، ئەمەش پرسیارێکی فەلسەفی لەبارەی ناسنامە و سنوورەکانی عەقڵی مرۆڤەوە دروست دەکات.
پوختەی ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی هۆڵی زیرەکی دەستکردە وەک دیاردەیەکی فرە هەندە کە تێپەڕ دەبێت لەوەی تەنها گۆشەسەندنێکی تەکنیکی بێت ، هاوکات دەبێتە هێزێکی مەعریفی،

کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، سیاسی و، ئابووری کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر داهاتووی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان هەیە.
وتارەکە پشتی بە میتۆدی شیکاری و ڕەخنەیی بەستووە کە تێیدا چوار تەوەری سەرەکی ژیریی دەستکرد هەڵدەوشێنێتەوە: ڕەهەندی فەلسەفی و مەعریفی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتووری، ڕەهەندی ئەخلاقی و سیاسی و ، ڕەهەندی ئابووری و تەکنیکی، هەروەها کاریگەریەکانی هەموو تەوەرەکان شیدەکاتەوە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت .
تۆژینەوەکە دەگاتە چەندین ئەنجامی سەرەکی یەکەم، زیرەکی دەستکرد وەک درێژکراوەیەکی عەقڵی مرۆڤ دەردەکەوێت، توانای هەیە سنوورەکانی زانین فراوانتر بکات و تێگەیشتن قووڵتر بکات بە شێوەیەک ڕێنگدانەوەی ڕەحی ڕۆشنگەریە، بەڵام مرۆڤ دەخاتە بەردەم ئاستەنگێکی بەردەوام بە پاراستنی سەربەخۆیی بیرکردنەوە.
دووەم، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کلتووری، زیرەکی دەستکرد شمشێرێکی دوو دەمەیە: دەتوانێت دەستاگەیشتن بە زانین و کارلێکی کلتووری بەهێزتر بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا پێکهاتە دەسەڵاتیەکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە ئەگەر بە خراپی بەکاربهێنرێت. سێیەم، لە ڕوانگەی ئەخلاقی و سیاسیەوە، زیرەکی دەستکرد وەک فاکتەرێک دەردەکەوێت کە توانای هەیە دادپەروەری و شەفافیەت بەهێزتر بکات یان کۆنترۆڵ و جیاکاری دووبارە بەرهەم بهێنێتەوە، ئەمەش پێویستی بە چوارچێوەی ئەخلاقی و یاسایی ڕوون هەیە کە ئیلهامی لە چەمکەکانی ڕۆشنگەری کانت و هابرماس وەردەگرێت. چوارەم، لە ڕەهەندی ئابووری و تەکنیکیدا زیرەکی دەستکرد هەڵی بە وەنە بە گۆشە و داهێنان دەرەخسێنێت، بەڵام ئاستەنگ لەسەر بازاڕی کار، دابەشکردنی سەرچاوەکان و ، ئاسایشی دیجیتاڵی دروست دەکات، ئەمەش پێویستی بە سیاسەتکی هاوسەنگ هەیە بە بەدیهێنانی گۆشەپەدانی بەردەوام لە پشتبەستن بەم ئەنجامانە.
تۆژینەوەکە چەند پێشنیارێکی بنیادنەرانە دەخاتەڕوو بە دنیابوون لە ئاراستەکردنی زیرەکی دەستکرد بەرەو خزمەتکردنی مرۆڤایەتی ، ئەمانەش بریتین لە بەهێزکردنی ڕۆشنگەریی مەعریفی لەڕێگەی پەروەردەی دیجیتاڵی و تۆژینەوەی زانستیەوە دانانی چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و سیاسی توند بە دنیابوون لە دادپەروەری و لێپرسینەوە، ئاوێش پەرەپەدانی ستراتیژیەتی ئابووری و تەکنیکی هاوسەنگ کە بازاڕی کار بپارێزێت و داهێنانی بەردەوام بەهێز بکات. هەروەها تۆژینەوەکە جەخت لەسەر گرنگیی کلتووری کۆمەڵایەتی هێشیار دەکاتەوە کە سێیری زیرەکی دەستکرد وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر، زاناتر، و خۆشگوزەرانتر. بە

کورتی زیرەکی دەستکرد وەک دەرفەتێکی مێژوویی دەردەکەوێت بۆ فراوانکردنی ئازادی و زانینی مرۆڤ، بەڵام لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەیەکە بۆ داهاتووی بۆها مرۆییەکان.
سەرکەوتنی ئەم ئاراستەیە پشت بە بەرهەمهێنانی یەکگرتوو و بڕپرسیارانە دەبەستێت، کە مەعریفەو، ئەخلاق و، سیاسەت و ، ئابووری پێکەوە کە دەکاتەوە ، بۆ ئەوەی دنیا بێت لەوەی کە سەردەمی ڕەشنگێری نوێ بەڕاستی بەدی دێت و دواجار زیرەکی دەستکرد دەبێتە ئامرازێک بۆ ئازادی نەک بانادەستی و هەژموون . پێشکی: لە سەردەمێکدا کە گەورانکاریە تەکنیکی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ خرایی ڕوو دەدەن زیرەکی دەستکرد نەک تەنها وەک ئامرازێکی داهێنەرانە، بەڵکو وەک دیاردەیەکی گشتگیر دەردەکەوێت کە پێناسەی زانین و دەسەڵات و داهێنانی مرۆڤایەتی دووبارە دەکاتەوە.
قسەکردن لەسەر زیرەکی دەستکرد چیتر تەنیا لە مێژ توانای باشترکردنی بەرهەمهێنان یان ئۆتۆماتیک کردنی پرسەکان سنووردار ناکرێت، بەڵکو پرسیارە قوواڵەکانی تایبەت بە سروشتی زانین و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و لەپرسینەوەی ئەخلاقی و، سیاسەتە ئابووریەکانی داهاتووش دەگرێتەوە. ئەم تەکنەلۆجیا و مرۆڤایەتی وایکردووە زیرەکی دەستکرد ببێتە بابەتێکی زۆر ئاڵۆز و گرنگ، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی فرەڕەهەند هەیە ، شیکاری فەلسەفی، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕەبازە ئەخلاقی و سیاسییەکان، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئابووری و تەکنیکی کەبکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدێکی شیکاری و ڕەخنەیی دەبەستێت کە ئامانجی شیکردنەوەی چوار ڕەهەندی سەرەکی ژیری دەستکرد: ڕەهەندی فەلسەفی و مەعریفی، کە مامەڵە لەگەڵ پێوەندی نێوان عەقڵی مرۆڤ و زانستی دەستکرد دەکات.
ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتووری، کە کاریگەریی زیرەکی دەستکرد لەسەر کارلێکی مرۆڤایەتی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکات. ڕەهەندی ئەخلاقی و سیاسی، کە لە دادپەروەری و کۆنترۆڵ و بڕپرسیارێتی دەکۆڵێتەوە. ڕەهەندی ئابووری و تەکنیکی کە کاریگەریی زیرەکی دەستکرد لەسەر بەرهەمهێنان و ، داهێنان و ، بازاڕی کار هەڵدەسەنگێنێت.گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە خستنەڕووی ئاستەنگ و دەرفەتە تەکنەلۆجیانەی زیرەکی دەستکرددایە، لە ڕوانگەی نزیکبوونەوەیەکی گشتگیرەوە کە پشت بە بۆچوونی زانستیەکان و سەرچاوە ئەکادیمیە متمانەپێکراوەکان دەبەستێت لەگەڵ شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی کە هاوسەنگیێک لە نێوان تواناکانی زیری ئەم تەکنەلۆجیایە و مەترسیە ئۆگاریەکانیدا ڕادەگرێت. هەروەها توێژینەوەکە هەوڵدەدات دیدگای واقعیانە بۆ داهاتوو بخاتە ڕوو ، کە چۆنیەتی

ئاراستەکردنی زیرەکی دەستکرد وەک ئامرازێک بۆ هۆشنگەری و ئازادیی مرۆڤایەتی بخاتەوو، نەک وەک ئامرازێک بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزمووون و کۆنترۆڵکردن . لەم چوارچێوەیەدا توێژینەوەکە ئاسایەکی مەعریفی گشتگیر بۆ تێگەیشتن لە زیرەکی دەستکرد وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە بنیاتنانی داهاتوودا دەکاتەوە، جەخت دەکاتەوە کە تێگەیشتن لە چوار هێندەکەی و پێشبینیکردنی کاریگەریەکانی هێگەیە بۆ دنیابوون لەوەی مرۆڤ لە ناوەندی زانین و بایەردانەدا بمێنێتەوە لەگەڵ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان پێشکەوتنی تەکنەلەجی و بەها مرۆییەکاندا.

یەکەم- هێندەی فەلسەفی و مەعریفی زیرەکی دەستکرد:
چەمکی عەقڵ پێگەیەکی ناوەندی لە مێژووی فەلسەفەدا داگیرکردووە. لە فەلسەفەی یۆنانەوە عەقڵ پێیوەست بووە بە توانای هەستکردن لە گشتیکان و بنیاتنانی بۆچوون ، ئامانج وایکرد ئەرستۆ مرۆڤ وەک ‘ئاژەڵێکی عاقڵ” وەسف بکات. لەسەردەمی مەدرندا هۆشنگەری هات بۆ ئەوەی عەقڵ پێگەیەکی ستاندارد بدات لە تێگەیشتن لە جیهان و هێکخستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئیمانوێل کانت (١٨٠٤-١٧٢٤) کێکی ئەم پێناسەیەی لە وتارەکەیدا بە ناوی “هۆشنگەری چییە؟” پوختکردەوە کاتێک وتی: “هۆشنگەری بریتیە لە دەرچوونی مرۆڤ لەو کورت بینینەی کە لە مافی خۆیدا ئەنجامیداوە .
کورت بینین لەردا بریتیە لە بەتوانایی بەکارهێنانی عەقڵ بەبێ هێنمایی کەسێکی تر. ئەم تەوانینە سەربەخۆیی و ئازادی بە عەقڵ بەخشی و ئاسایەکی نوێی لەبەردەم مرۆڤدا کردەوە بە ئەوەی خۆی وەک بوونەوەرێکی بیرکەرەوە وەسف بکات کە توانای بایەردانی لەسەر چارنووسی خۆی هەیە. بەگشتی ئەوەی ئەمڕۆ جیهان بەهێی زیرەکی دەستکردەوە بەخۆیەوە دەیبینێت، لەم تەوانینە کانتیە تەدەپەڕێت چونکە چیتر بابەتێکە تەنیا بریتی نییە لە ئازادکردنی عەقڵی مرۆڤ لە بەربەستە دەرەکیەکان، بەڵکو پێیوەندی بە دووبارە پێناسەکردنی خودی “عەقڵ”ەوە هەیە. زیرەکی دەستکرد تەنیا وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بە عەقڵی مرۆڤ زیاد ناکرێت، بەڵکو شێوازێکی نوێی عەقڵانیەت دروست دەکات کە پشت بە توانای فێربوونی خودی ئەلگۆریتمەکان و پێڕەسەکردنی داتاکان لەسەر ئاستێکی بێ کۆتایی و ، دەرهێنانی شێوازە مەعریفیەکان دەبەستێت کە مرۆڤ توانای تێگەیشتنیانی نەبوو. ماکس تیگمارک (١٩٦٧ –) ئەم گۆڕانکاریە کوالیتیە دەردەبڕێت کاتێک دەڵێت ئەمە چووینەتە قۆناغی “ژیان “، واتە قۆناغێک کە تێدا پڕۆسەندن تەنها بە بایەلۆجی یان کلتوور ناوەستێت، بەڵکو بە زیرەکی دەستکرد کە شێوازە نوێیەکانی ژیان و

زانین دروست دەکات.

أ – ژیان 1.0 بریتیە لە ژیانی بایۆلۆجی سادە وەک بەکتریا کە تێیدا هەردوو 'ڕەقەکان' (جەستە) و 'نەرمەکان' (هەڵسوکەوت) تا ڕادەیەک جێگیرن و تەنها لە ڕێگەی پڕۆسەندنی بەماوەیی خاوەو دەگۆڕێن.
ب – ژیان 2.0 ژیانی مرۆڤایەتیە کە تێیدا ڕەقەکانی بایۆلۆجی بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە جێگیری دەمێنێتەوە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت "نەرمەکانەکانی" بگۆڕێت لە ڕێگەی فێربوون و، کلتووروو ، زمانەوە، واتە دەتوانێت خۆی لە ڕووی مەعریفیەوە دووبارە پڕۆگرام بکاتەوە.
ج – ژیان 3.0، کە جێگەی مشتومڕترین خاڵە نوێنەرایەتی ئەو بوونەورانە دەکات کە توانای دووبارە دیزاینکردنی هەردوو ڕەقەکان و نەرمەکانیان پێکەوە هەیە. ئامانج دەرگا دەکاتەوە بە زیرەکی دەستکرد کە توانای پڕۆسەندنی خۆرای هەیە لە دەرەوەی سنوورە بایۆلۆجیەکان،و داشتنی شێوازگەلی نوێی بوون و زانین.. لە ڕاستیدا ئەم گواستنەوەیە کۆشەی فەلسەفی گەورە دروست دەکات. یەکەم ئەوەیە کە زیرەکی دەستکرد هەڕەشە لە جیاکردنەوەی نەریتی نێوان "ئامراز" و "عەقڵ" دەکات. بە نموونە ئەگەر چاپەمەنی ئامرازێک بوو بێت بە بەاوکردنەوەی بیرکەکان، ئەوا سروشتی بنەڕەتی عەقڵی مرۆڤی نەگۆڕی. بەڵام زیرەکی دەستکرد پێدەچێت لە گەڵ عەقڵی مرۆڤدا بەشداری لە کارە سەرکیەکێیدا بکات کە بریتیە لە بەرهەمهێنانی واتاو زانیاری. بەو شێوەیە لوسیانە فلەریدی فیلەسوفی ئیتاڵی (١٩٦٤-)، ئەم گەڕانکاریە بە هەنگاو نان بە سەردەمی "بریکاری زانیاری" وەسف دەکات کە تێیدا زیرەکی دەستکرد تەنها بەرنامەیان ئامرازێک نییە، بەڵکو دەبێتە ئەکتەرێکی مەعریفی نوێ لە ژینگەی مرۆڤدا کە توانای بیاردان و بەشداریکردنی هەیە لە دیاریکردنی ئەوەی کە بە حەقیقەت یان زانیاری دادەنرێت.
ئەم گەڕانکاریە مشتومڕە فەلسەفیە کەنەکان دەربارەی سنوورەکانی مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە: ئەگەر دیکارت "من بیر دەکەمەوە"ی وەک بنەمایەکی یەقینی مەعریفی دانا، ئایا ئەمڕۆ دەتوانین بانگەشە بکەین کە "خوارزمیەکان (ئەلگوریتمەکان) بیر دەکەنەوە؟ . ئەم خاڵە تایبەتە مشتومڕەکی فراوانی لە دەکەوتەوە بە تایبەتی لە کارەکانی نیک بۆستڕۆم فیلەسوفی سویدی (١٩٧٣-)، لە کتێبەکێیدا دەربارەی "زیرەکی سەروو مرۆیی – ڕێچکەکان و مەترسییەکان و ستراتیژییەکان" لە ساڵی ٢٠١٤دا ناوبراو هەشداری دەدات کە زیرەکی دەستکرد تواناکانی مرۆڤ تێدەپەڕێنێت ، لەوانەیە عەقڵێکی نوێ بەرهەم بهێنێت کە سەربەخۆ بێت لە مرۆڤ و ڕێنگە لەگەڵ

بەرژەوەندیەکانیدا ناکۆک بێت.
ئەم ئۆگرە ئەمە دەخاتە بەردەم پارادۆکسێکی مەعریفی لە کاتێکدا کانت پێی وابوو کە هۆشنگاری واتای ڕزگاربوونی عەقڵی مرۆڤ لە ژێردەستی دەرەکی، زیرەکی دەستکرد لەوانەیە خودی عەقڵی مرۆڤ بخاتە ژێر دەسەڵاتی عەقڵێکی تر کە بەهێزتر و خراپترەوە . بەڵام هەموو فیلەسوفەکان ئەم بۆچوون و نیگەرانیە پێیەو ناکەن. هەندێکیان پێیان وایە کە زیرەکی دەستکرد هێشتا نییە بە سەر عەقڵی مرۆڤ، بۆیە درێژکراوەیەکە بە عەقڵی مرۆڤ.
شەشانا زوبۆف ژنە فیلەسوف و دەروونناسی کۆمەڵایەتی (١٩٥١-)، سەرمایەداریەکانی دەربارەی "سەرمایەداریی چاودێری"، دانی بەوەدا ناوە کە ژیریی دەستکرد شێوازگەلی نوێی زانین و پێوەندیکردن فەراهەم دەکات. ئەمەش دەمانباتەوە بۆ لێکچواندنێکی مێژوویی گرنگ هەروەک چۆن چاپ لە سەدەی پازدەهەمدا بە سەرتای سەردەمێکی نوێی هۆشنگاری دادنرا، زیرەکی دەستکردیش لەوانەیە چاپێ سەردەمی دیجیتاڵی ئەمە بێت، چونکە تواناکانمان بۆ بەرهەمهێنان و تۆگەیشتن لە زانین دوو هێندە دەکات.بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە کە چاپەمانی ئامرازێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی کە عەقڵی مرۆڤ بەرهەمی دەهێنا، لە کاتێکدا زیرەکی دەستکرد خۆی ناوەڕۆکی مەعریفی نوێ بەرهەم دەهێنێت. ئەمە پرسیارێکی بوونناسیمان (ئۆنتۆلۆژیمان) بۆ دەوروژێنێت: ئایا زیرەکی دەستکرد بەڕاستی "بیر دەکاتەوە" یان لاسایی بیرکردنەوە دەکاتەوە؟ فیلەسوفە شیکاریەکان وەک جۆن سیرل، فیلەسوفی زمان (١٩٣٢-) مشتومڕیەتی و دڵنیت کۆمپیوتەر خاوەنی مۆبەست و هۆشیاری نییە، بەڵکو تەنها هەماکان بۆپێی هەساکان پێسەس دەکات. بەڵام داکۆکیکارانی زیرەکی دەستکرد ئاماژە بەوە دەکەن کە توانای فێربوونی خودکار و خۆگونجاندن لۆگۆ داتاکان ئەمە دەخاتە بەردەم شێوازێکی نوێی عەقڵانیەتی پراکتیکی، تەنانەت ئۆگەر بە خودهۆشیاریش بێت. لێرەدا جیاوازی نێوان "عەقڵ وەک هۆشیاری" و "عەقڵ وەک توانای چارەسەرکردن" دەردەکەوێت، کە ئەمەش جیاوازیێک بوو لە سەردەمی هۆشنگاری کلاسیکیدا بوونی نەبوو.
هەڵە گۆشەیەکی تریش زیرەکی دەستکرد چەمکی هاستی دووبارە دادەڕێژێتەوە. لە سەردەمی هۆشنگاریدا هاستی پێویست بوو بە میتۆدی زانستیەوە کە لەسەر بۆگۆ و ئەزموون دامەزرا بوو. بەڵام ئەمە هاستی لە ئۆگەی ئەلگۆریتمکانەوە دووبارە بنیات دەنرێتەوە کە توانای دەزینەوەی شێوە و نەخشەکانیان هەیە لە داتا گەورەکاندا ، ئەمەش ئاسێیەکی مەعریفی نوێ دەکاتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا نیگەرانیەکان سەبارەت بە "هەژموونی ئەلگۆریتم" لەسەر پێسەی

داشتنی خودی ڕاستی دروست دەکات. ئەگەر عەقڵی مرۆڤ هەڵە بکات و دوچاری تەفرەدان بێت، ئەوا ئەلگۆریتمەکە لەوانەیە جارێک لە حەتمیەت بەسەر زانینداا بسەپێنێت و بیگەیەنێت لە بواری گفتوگۆی ئازادەوە بۆ بواری پابەندبوونی ئۆتۆماتیکی. بەیە دەتوانرێت بوترێت کە هەڵەندی فەلسەفی و مەعریفی زیرەکی دەستکرد لە نێوان دوو دیدگای ناکۆکدا دەجووڵێتەوە: دیدگایەک کە بە درێژکراوەی پەژڕی هۆشنگاری دایدەنێت لە هۆگەی فراوانکردنی عەقڵی مرۆڤ و ئازادکردنی لە سنووردارییوونی بایەلۆجی. دیدگایەکی تر کە بە مەترسیەک بە سەر خودی هۆشنگاری دایدەنێت، چونکە لەوانەیە سەربەخۆیی عەقڵی مرۆڤ بکەوێت بە ژێردەستی و سەرپەرشتی عەقڵێکی دەستکرد .

ئەناو ئەم گرژیەدا ناوازەیی ساتەوەختی ئێستا حەشاردراوە؛ ئەم دووبارەکردنەوەی هۆشنگاری ئەورووپی نییە بەڵکو ساتەکی نوێیە کە پەیوەستی بە دووبارە بیرکردنەوە هەیە لە واتای عەقڵ و زانین لەسەردەمێکدا کە سنووورکانی نێوان مرۆڤ و ئامێر تێکەڵاو بوون.

دووەم – هەڵەندی کۆمەڵایەتی و کلتووری زیرەکی دەستکرد . دیاردەی زیرەکی دەستکرد چیتر تەنها تەکنەلۆژیایەک نییە کە لە تاقیگەکان یان پیشەسازیەکاندا قەتیس کرابێت، بەڵکو بووەتە هەکارێکی کاریگەر لەسەر پێکهاتەی خودی کۆمەڵگە مرۆیەکان. ئەوەی ئەمڕۆ ڕووددات تەنها ئۆتۆماتیک کردنی پڕۆسەی نەریتیەکان نیە، بەڵکو داشتنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و کلتووریەکانە بە شێوازێک کە هێڵی تاکەکان و دامەزراوەکان و کۆمەڵگە بە گشتی دەخاتەوە ژێر پرسیار و پەداچونەوە .

توانای پرەسیسکردنی داتا زۆرەکان، پێشبینیکردنی هەڤتاری مرۆڤ و ، تایبەتمەندکردنی ناوەڕۆکی کلتووری و ڕاگەیاندن پرسیاری سەرەکی دەوروژێنێت دەربارەی ئەوەی کە خاوەنی زانیاریە و کە ئاراستەی دەکات و چۆن دەستێکاتی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبرێت. لەم چوارچێوەیەدا زوبەف جەخت دەکاتەوە کە زیرەکی دەستکرد کاتێک لە چوارچێوەی "سەرمایەداریی چاودێری"دا بەکاردەهێنرێت، تەنها کار بە ئاسانکاری خزمەتگوزاریەکان یان باشترکردنی کارایی ناکات، بەڵکو میکانیزمگەلی نوێ بە بایەدەستی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دروست دەکات لە هۆگەی چاودێریکردنی هەڤتارەکان و پێشبینیکردنیان و گۆڕینیان بە شێوازێک کە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی لایەنە زاڵەکان بکات.بە واتایەکی تر زیرەکی دەستکرد لە ڕووی کلتووری یان کۆمەڵایەتیەوە بێلایەن نییە، بەڵکو هەمیشە هەڵگری گریمانە ئەخلاقی و سیاسیەکانو پەیوەندیە کۆمەڵایەیەکان بە شێوازێکی نوێ بەرهەم دەهێنێتەوە.لەلایەکی ترەوە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت کارلێکی

کۆمەڵایەتی و کلتووری بە شێوازی بوونە بەهێزتر بکات. ئێستا گرنگیشتن بە سەرچاوە زانستیە جیاوازەکان بە خرایەکی بوونە مومکین بووە، و کارلێککردن لەگەڵ ناوەندەکی کلتووری جیاوازدا زۆرفەتی فراوانتر دەدات بە تاکەکان و کۆمەڵگەکان بە تێگەیشتن لە جیهان و ئاوگەڵکردنی بیرکەکان.

تیگمارک ووونیدکاتەوە کە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت چەند هێندەی توانای عەقڵی مرۆڤ بێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئاگادار ئاراستە بکرێت بە بەهێزکردنی هاوکاری و زانینی هاوبەش، نەک تەنها سەرنج خستنە سەر کێشەکانی ئابووری یان سیاسی. ئەم جیاوازییە لە ئەنجامە کۆمەڵایەتی و کلتووریەکاندا، بەتایبەتی هەیە، چونکە زیرەکی دەستکرد ئامرازێک نییە کە ئەنجامە دیاریکراوەکانی هەبێت، بەڵکو پلاتفۆرمێکی ئاگادارییە بە گۆڕینی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کلتووریەکان بەپێی ئەو هەڵبژاردن و سیاستانەی کە دەگیرێنەبەر. بە نموونە لە بواری پڕوگرامدا زیرەکی دەستکرد بووەتە خاوەنی توانای پشکنینکردنی شێوازەکانی فڕیووونی تاکەکەسی کە پشت بە تواناکانی هەر فڕۆکەخانەیەک دەبەستێت، ئامانجی ئاسایەکی نوێ بە دابەشکردنەوەی هێلی خوێندن دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسیەکانی جیاوازی کۆمەڵایەتی دروست دەکات ئاگادار دادپڕوەری لە بەردەستبوونی ئەم ئامرازانەدا نەبێت. سەرەڕای ئامانە نیک بەستراوەکان بەڵام دەکات کە زیرەکی دەستکرد لەوانەیە جۆرێکی نوێی جیاوازی دروست بکات لە نێوان کۆمەڵگە پشکووتووە تەکنەلۆژیەکان و ئەوانەی کە دواکەوتوون لە بواری پیشەسازیدا، ئامانجی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و کلتووری قووڵتر دەکاتەوە و شێوازگەلێکی نوێی بادەستی ئابووری و سیاسی بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەم مەترسیانە هەشداریەکانی فیلۆسوفانی کۆمەڵناسی دەربارەی تەکنەلۆژیا زیندوو دەکاتەوە، چونکە پشکووتنی تەکنیکی بە تەنها گەرانتی پشکووتنی مرۆڤ ناکات، بەڵکو پشت بەو دەبەستێت کە چۆن ئەم ئامرازانە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە و یەکساندا بەکاردەهێنرێن .

لە هەندێ کلتووریشدا زیرەکی دەستکرد پێناسەی بەرهەمهێنانی کلتووری خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەلگۆریتمەکان توانای دروستکردنی دەق و وێنە و مۆسیقایان هەیە، ئامانج مرۆڤ دەخاتە بەردەم پرسیارێک دەربارەی واتای داهێنان و کلتوور. ئایا ناوەندکی دروستکراوی ئامێر بشکێ لە کولتووری مرۆڤایەتی یان بەرهەمێکی لاوکیە کە تەنها پشت بە چوارچێوەی کولتووری مرۆڤ دەبەستێت؟ ئەم ئاڵنگاریە مشتومڕکی فەلسەفی کولتووریی نوێ دەوروژێنێت و هەنگدانەوەی ئەوەیە کە چۆن زیرەکی دەستکرد چیتر تەنها ئامرازێک نییە بە

ئاسانکاری بەرهەمهێنان، بەڵکو بووەتە هاوبەشێک لە داهێنانی خودی کولتووردا، لەگەڵ ئەو دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەر بەها و پراکتیکە کولتووریەکان دروست دەبن. لەبەرئەوە هەوون دەبێتەوە کە هەندێ کۆمەڵایەتی و کلتووری زیرەکی دەستکرد کەکەرەوەی نێوان تواناکانی هێشنگاری نوێیە واتە فراوانکردنی زانین و تواناکانی مرۆڤ و مەترسیەکانی باڵادەستیی نوێ ، جا لەسەر ئاستی دەسەڵات بێت یان بەها کلتووریەکان. ئەمەش وای لەدەکات ئەم هێندە زەر گرنگ بێت لە تێگەیشتن لە زیرەکی دەستکرد وەک دیاردەیەک کە لە سنووری تەکنەلۆژیا تێدەپەڕێت بە ئەوەی ببێتە ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی و کلتووری کە جیهانی دەوروبەرمان دووبارە دادەڕێژێتەوە.
هێسیەم – هێندێ ئەخلاقی و سیاسی زیرەکی دەستکرد یەکەکە لەو تەوەرانەی کە زەرترین مشتومڕی لەسەرە لە گفتوگۆ هاوچەرخەکاندا دەربارەی تەکنەلۆژیا و گەشەکاریە کۆمەڵایەتیەکان. توانای ئەلگەریتمەکان بۆ کەکردنەوەی داتا گەورەکان و شیکارکردنی هەڤتارەکانی تاک و ، پێشبینیکردنی بیارەکان وا دەکات زیرەکی دەستکرد ببێتە ئامرازێک کە خاوەنی هەزێکی زەرە و کاریگەری هاستەوخۆی لەسەر ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەکان دەبێت . لەم چوارچێوەیدا پرسەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن چونکە ئەلگەریتمەکان دەتوانن جیاکاری کۆمەڵایەتی یان هێگەزی دووبارە بەرهەم بهێننەوە، یان کەلێنە ئابووری و سیاسییە بەردەستەکان قووڵتر بکەنەوە. ئەو داتا مەژوویانەی کە دەخرێتە ناو مەدەلەکانی زیرەکی دەستکردەوە، بەڵایەن نین، بەڵکو لایەنگریەکیان تێدایە کە هێنگە ببێتە هۆی ئەنجامی نادادپەروەرانە، ئەمەش هەڕەشەیەکی ئەخلاقی بنەڕەتی پێکدێنێت . لە هەمان کاتدا ئەم هێندە سیاسییە پرسیار دەربارەی کۆنترۆڵکردن دەوروژێنیت:
کە توانای دیزاینکردنی ئەلگەریتمەکانی هەیەو کە بیار لە سەر ئەولەویەتەکانیان دەدات؟
بەسترەم ئاماژە بەوە دەکات کە زیرەکی سەروو مرۆیی لەوانەیە ببێتە ئامرازێک بۆ باڵادەستی ئەگەر چوارچێوەی هێکخستنی تۆندنەسەپێنرێت، چونکە ئەو قەوارانەی کە توانای پەرەپێدانی ئەم زیرەکیەیان هەیە دەتوانن کاریگەریەکی بەوێنە لەسەر ئابووری و سیاسەتی جیهانی پێکبهێنن. لەڕەدا زیرەکی دەستکرد دەبێتە زیاتر لە تەنها ئامرازێکی تەکنەلۆژی، هاوکات دەبێتە هەزێکی سیاسی پێتانسێل کە توانای داشتنەوەی پێکهاتە نەریتیەکانی دەسەڵاتی هەیە. بەڵام زیرەکی دەستکرد توانای ئازادبوون و زانینیشی هەیە ئەگەر بە هۆشیاری و ئەخلاقی بەکاربهێنرێت. هەروەها دەتوانێت کۆمەڵگەکان بە هەز بکات بۆ دەستاگەیشتن بە زانیاری دروست و شیکردنەوەی داتاکان

بە شـــوازێک کە دادپـــەروەری و یـــەکســـانی بـــەهـــێزتر بکـــات، وەک لـــە بوارەکانی پـــەروەردە و تـــەندروستی و بـــەرەوپـــێبردن و کارگـــێی گشتیدا دەبینرێت .
لـــەم چوارچـــێوەیـــدا ماکس تیگمارک ئاماژە بـــەوە دەکات کە زیـــرەکی دەستکرد دەتوانێت تواناکانی عـــەقڵی مرۆڤ بـــە کارلـــێکی کـــۆمـــەڵایـــەتی و مـــەعریفی چـــەندبارە بکاتـــەوە بـــە مـــەرجـــەک سیاســـەتـــێکی هـــەبێت کە پـــشینـــەی ئـــەخلاقی و کـــۆمـــەڵایـــەتی دیاری بکات. لـــە هـــەوانگـــەیـــەکی فـــەلـــســـەفی هـــەڵخـــەڵگرانـــەوە، دەکرێت ئـــەم ئـــاڵنگاریـــانـــە بـــەراورد بکرێن بـــەوەی کانت دەربـــارەی هـــەڵشنگـــاری خســـتبوویـــەوو، کـــانت هـــەڵشنگـــاری بـــە ئـــازادکردنی مرۆڤ لـــە ژێـــردەستی دەرەکی و توانای بـــەکارهـــێنانی عـــەقڵی خـــۆی بـــە شـــێوەیـــەکی سـەربـــەخـــۆ دادەنا. بـــەڵام زیـــرەکی دەستکرد پرسیارەکە بـــە شـــێوازێکی نـــوێ دەخـــاتـــەوە هـــوو: ئایـــا مـــرۆڤ توانـــای ســـەربـــەخـــۆیی بـــەرکـــردنـــەوەی هـــەیـــە ئـــەگـــەر بـــەیـــار و زانیـــن بـــشـــێکـــی بکـــەوێتە ژێـــر دەســـەڵاتی سیستـــەمی ژیرە ناهـــشیارەکانـــەوە ؟ لـــەڕادا دیدگای کانت لـــەگـــەڵ هـــەڵخـــەڵکانی هابرماس فـــەیلـــەسوفی هـــەڵخـــەڵگر (١٩٢٩-) دەپچـــڕێت ، کە پـــێی وابوو هـــەڵشنگـــاری هـــاستـــەقینـــە تـــەنها لـــە چوارچـــێوەیـــەکی گشتی کارلـــێککـــاردا بـــەدیـــدێت کە تـــێیـــدا گفتـــوگـــۆی ئـــازاد و لـــەپرسیـــنـــەوەی بـــەکـــەمـــەڵـــی تـــێدا ئـــەنجـــام دەدرێت، نـــەک لـــە گـــۆشـــەگیـــری تـــاک یـــان لـــە چوارچـــێوەی هـــەڵبژێکی تاکلایـــەنـــەدا. ئـــەم هـــوانگـــەیـــەو دەکرێت بوترێت کە زیـــرەکی دەستکرد تاقیکردنـــەوەیـــەکە بـــە خودی چـــەمکی هـــەڵشنگـــاری: یـــان توانـــاکانی مرۆڤ بـــە بیرکردنـــەوەی ئـــازاد و هـــەڵبژاردووەن بـــەهـــێز دەکات، یـــان دەبـــێتە میکـــانیزمـــێکی نـــوێ بـــە زاڵبـــوون و کـــۆنترۆڵکـــردن ئـــەگـــەر کـــۆنترۆڵی ئـــەخلاقی و سیاسی نـــەبێت. بـــەو شـــێوەیـــە هـــەڵبـــەندی ئـــەخلاقی و سیاسی وەک گـــۆڕانـــێکی مشتومـــاوی دەردەکـــەوێت، کە کـــەڵکـــەڵەی نـــوان ئـــەو دەرفـــەتانـــەیـــە کە زیـــرەکیی دەستکرد پـــشکـــێشی دەکات بـــە بـــەهـــێزکردنی دادپـــەروەری و ئـــازادی و مـــەترسیـــەکانی پـــەیـــوەست بـــە کـــۆنترۆڵکردن و جیاکـــــــاری و دووبـــــــارە بـــەرهـــەمهـــێنـــــانـــەوەی پـــێکهـــــــاتە دەســـەڵاتداریـــەکان.ئـــەمـــش وادەکات بیرکردنـــەوەی هـــەڵخـــەڵگرانە و فـــەلـــســـەفی پـــەویست بـــێت بـــە ئاراستـــەکردنی ئـــەم گـــۆڕانکاریـــە تـــەکنیکیـــە بـــە شـــێوازێک کە لـــەگـــەڵ بـــەهـــا مـــرۆیـــە بنـــەڕەتیـــەکانـــدا بگـــونجـــێت و بـــە هـــەڵشنگـــاریـــەوە هـــوونـــاک بکـــرێتـــەوە، بـــەڵام ئاگـــاداری ئـــەو ئـــاڵنگاریـــە نـــوێیانـــە بـــێت کە ســـەدەی هـــەژدەهـــەم نـــەیبینیون..
چـــوارەم – هـــەڵبـــەندی ئابووری و تـــەکنـــەلـــۆژی زیـــرەکی دەستکرد . ژیریی دەســـتکرد چیتـــر تـــەنهـــا ئـــامرازێکی تـــەکنیکی نیـــە، بـــەڵکـــو بـــووەتە هـــەگـــەزێکـــی ســـەرەکی لـــە داهـــشتنـــەوەی ئـــابووری جیهـــانی و پـــێکهـــاتە تـــەکنیکیـــەکانی کە لـــەسەری دامـــەزراوە. تواناکانی بـــە شیکردنـــەوەی داتا گـــەورەکـــان و پـــێشـــبـــینیکردنی خواســـت، بـــاشترکردنی بـــەرهـــەمهـــێنـــان و،

ئۆتۆماتیککردنی پرۆسە ئاژەڵدارییەکان، بوونەتە هۆی گۆڕانکاری قوڵ لە بازاڕی کار، لە مۆدێلەکانی بازرگانی و، لە پرۆسەی بەیاردانی دامەزراوەیی و کومپانیاکان . زیرەکی دەستکرد سەرچاوە مرۆیی و مادیەکان دووبارە دابەش دەکاتەوە و چەمکی کارایی و بەرهەمهێنان دەگۆڕێت، چونکە سەرکەوتنی ئابووری چیتر تەنها پەیوەست نییە بە سەرچاوە نەریتیەکانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە توانای خاوەندارێتی و بەکارهێنانی سیستەمی زیرەکی کاراوە.

ئاڵنگارییەکانی بازاڕی کارەوە کاریگەریەکان دوو لایەنن؛ لە لایەکەوە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت بەرهەمهێنان زیاد بکات و دەرفەتی کاری نوێ لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و، دیزاین و، چاککردنەوەی تەکنیکیدا دروست بکات؛ لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی خۆکارکردن یان ئۆتۆماتیککردنی کارە تەکنیکیەکان و فشار لەسەر ئۆو کارامەیانە زیاد دەکات کە پەیوەستن، ئەمەش دەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی کێشەی ئابووری لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتووەکان و لە نێوان ئۆو کەسانەی کە شارەزایی بەرزیان هەیە و ئەوانەی کە شارەزایی لاوازیان هەیە. ئەم گۆڕانکاریە بەیار بەدەستانی ئابووری ناچار دەکات بیر لە ستراتیژیەتێک بکەنەوە بە دووبارە پرۆردەکردنەوەی هێزی کار و پەرەپێدانی سیستەمەکانی پرۆردە کە لۆگۆ سەردەمی زیرەکی دەستکردا بگونجێن. لەسەر ئاستی تەکنیکیش زیرەکی دەستکرد بە شێوەیەکی بەوپەڕ بەشداری دەکات لە خێراکردنی داهێنانی تەکنەلۆژی.

ئۆلگۆریتمەکان کە توانای فێربوونی خودکار و باشترکردنی کارایی خۆیان هەیە بە تێپەڕبوونی کات گەشەپێدانی نەرمەکاڵا و بەرهەمەکان خێراتر و وردتر دەکەن. ئەمەش ژینگەیەکی ئابووری دروست دەکات کە زیاتر پشت بە توانای کۆبەکە لە تەکنەلۆژیا ژیرەکاندا دەبەستێت و ، خاوەندارێتی فیکری و توانای پەرەپێدانی ئۆلگۆریتمەکان دەکاتە هەکاری سەرەکی بە باڵادەستی ئابووری. بەڵام ئەم هێزە تەکنیکیە بە مەترسی نییە. ژێرخانی دیجیتاڵی و پشت بەستنی ئابووریەکان بە سیستەمە زیرەکەکان، وایان لێدەکات زیاتر بەرووی هێرشی ئۆلیکترۆنی و شکستی تەکنیکی ببنەوە ، ئەمەش پرسیار دەربارەی ئاسایشی ئابووری و تەکنیکی دروست دەکات و ، پێویستی بە پەرەپێدانی ستانداردی توند هەیە بە بەڕێوەبردنی مەترسیەکان و پاراستنی داتاو زانیاریە هەستیارەکان . سەرەڕای ئەمانەش توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە زیرەکی دەستکرد خەریکە خودی چەمکی بەهای ئابووری خۆی دەگۆڕێت. داتا بووەتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و ، مافی گۆیشتن بەو داتایە کۆبەکەی ئابووری کۆنترۆڵ دەکات لە کاتێکدا ئۆلگۆریتمەکان چۆنیەتی لێکدانەوە و بەکارهێنانی ئەم داتایە

کۆنترۆڵ دەکەن. ئەمەش شێوازی نوێی کۆنترۆڵی ئابووری لە ڕێوان کەمپانیا گەورەکان و ئێو وەاتانەی کە توانای وەبەرهێنانیان لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووەدا هەیە بەرهەم دەهێنێتەوەو ، ئاڵنگاری دادپەروەری ئابووری لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دروست دەکات.ەڵە ڕێگەی ئەم شیکارییەوە ووون دەبێتەوە کە ڕێهێندی ئابووری و تەکنیکی زیرەکی دەستکرد بە تەکڕێبوون لە ڕێوان دەرفەتکان و مەترسیەکاندا تایبەتمەندن ، دەرفەتی بوونێ بە گەشە و داهێنان دەڕخسێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا فشار لەسەر بازاڕی کار دروست دەکات و ، دەسەاتی ئابووری بە شێوازێک دادەڕێژێتەوە کە پێویستی بە سیاسەتی ژیرانە هەیە بە دڵنیابوون لە هاوسەنگی نێوان پێشکەوتنی ئابووری و سەقامگیری کۆمەایەتی. تێگەیشتن لەم ڕێهێندە بنەمایەکی سەرەکیە بە هەر گفتوگۆیەکی گشتگیر دەربارەی داهاتووی زیرەکی دەستکرد و ڕۆبۆتی لە بنیاتنانی کۆمەگەیەکی دادپەروەر و بەردەوام.

٢- کۆتایی شیکاری (زیرەکی دەستکرد لە نێوان ڕێشنگەری و گەڕانکاریەکانی داهاتوودا): لەکۆتاییندا لە چوار تەوەرەی زیرەکی دەستکرد ئەوەی دەرخست کە ئەم دیاردەیە تەنها شێوشکی تەکنیکی نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی سەردەمکی نوێی ڕێشنگەری مەعریفی و کۆمەایەتی و ئابووری و سیاسی دەکات.

لە ڕێهێندی فەلسەفی و مەعریفیەوە، زیرەکی دەستکرد وەک درێژکراوەیەکی عەقڵی مرۆڤ دەردەکەوێت توانای پێناسەکردنەوەی سنووردکانی زانین و توانای فڕبوونی هەیە، هەروەک ماکس تیگمارک لە ڕێگەی تێوانینی ژیان 3.0 ووونی کردەوە ئەم بازدانە مەعریفیە ڕێشنگەری ئەوروپی دەهێنێتەوە یاد، بەڵام پرسیارەکی بنەڕەتیمان دەخاتە بەردەم: ئایا عەقڵی مرۆڤ سەربەخۆ دەمێنێتەوە، یان عەقڵی دەستکرد دەبێتە هاوبەشیان باتر لە بەرهەمهێنانی زانیندا؟ .

لەسەر ئاستی کۆمەایەتی و کلتووری زیرەکی دەستکرد خەریکە پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکان و دامەزراوەکان دووبارە دادەڕێژێتەوە، هەروەها تواناکانی گەیشتن بە زانین و پراکتیکە کلتووریەکان فراوانتر دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا پێکهاتە دەسەاتدارییەکان دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە ئەگەر خراپ بەکاربهێنرێت. ئەم هاوسەنگیە لە نێوان ڕێشنگەری و کۆنترۆڵکردندا نوێنەرایەتی ناوەڕۆکی ئاڵنگاریە کۆمەایەتیەکەی زیرەکی دەستکرد دەکات، کە تەیدا کاریگەری ڕاستەقینە لە چێنیەتی ئاراستەکردنی تەکنەلۆژیادا بە بەهێزکردنی دادپەروەری و زانیاری هەمەلایەنە .

لەلایەکی تریشەوە ڕێهێندی ئەخلاقی و سیاسی سەرنج دەخاتە سەر

مەترسیەکان و دەرفەتەکان کە زیرەکی دەستکرد لە بواری دەسەلات و بڕیارستیدا دروستی دەکات. ئەلگۆریتمەکان کاتێک بە چوارچێوەی ئەخلاقی و سیاسی ڕوون دیزاین دەکرێن، دەتوانن ببنە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بەردەستەکان، لە بڕامبەردا دەتوانرێت زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ بەهێزکردنی دادپەروەری و شەفافیەت و لێپرسینەوە لە پێسپۆی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش پێنگەدانەوەی ناوەندەکی چەمکی ڕێشنگەریە لای کانت و هابرماس ، لەگەڵ پەویستی نوێکردنەوەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە هاوچەرخەکان. لەلایەکی ترەوە دەبینین کە هەندێ ئابووری و تەکنیکی توانای زیرەکی دەستکرد پێنگەداتەوە لەسەر دابەشکردنەوەی هێزی ئابووری، بەهێزکردنی داهێنان و ، بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاڵنگاریگەلێک دەخاتە ڕوو کە پەیوەندیان بە بازاڕی کار، دابەشکردنی سەرچاوەکان و ، ئاسایشی تەکنیکیەوە هەیە. لەڕدا زیرەکی دەستکرد وەک فاکتەرێکی سەرەکی دەردەکەوێت لە داشتنەوەی سیستەمە ئابووریەکاندا، بە شێوەیەک کە سەرکەوتنی ئابووری تەنها پشت بە سەرچاوە نەریتیەکان نابەستێت، بەڵکو بە توانای بەڕێوەبردنی داتا و ئەلگۆریتمەکان بە شێوەیەکی کاریگەر . لە دەرئەنجامی ئەم شیکارییە گشتگیرەدا دەتوانرێت ئەم هەژمۆنە کە زیرەکی دەستکرد نوێنەرایەتی دەرفەتێک دەکات بە ڕێشنگەری نوێ، ئەگەر بە هۆشیاری و بڕیارستیەوە بەکاربهێنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی تاقیکردنەوەیەکیش دەکات بە مرۆڤایەتی: ئایا دەتوانین سەربەخۆیی عەقڵ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەها ئەخلاقیەکان و، هاوسەنگی ئابووری بپارێزین لە بڕامبەر هێزێکی تەکنیکی باڵادا؟.داهاتوو پێشوەخت دیارینەکراوە، بەڵکو پشت بەوە دەبەستێت کە تا چەندە توانامان هەیە سیاستێکی یەکگرتوو و چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و ڕێکخراوەیی دابڕێژین، کە زیرەکی دەستکرد بکاتە ئامرازێک بۆ ئازادی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی هەمەلایەنە نەک ئامرازێک بۆ باڵادەستی و کۆنترۆڵکردن.

۵- پێشنیارەکان (تێڕوانینی داهاتوو):
بۆ لەبەرچاوگرتنی شیکاری یەکگرتووی چوار تەوەرەکە، پێدەچێت ڕوون بێت کە زیرەکی دەستکرد بەردەوام دەبێت لە ڕێگەی گەلانی سەرەکی لە داشتنی داهاتووی مرۆڤایەتیدا لەسەر ئاستی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری . لە ڕوانگەی داهاتووشەوە دەتوانرێت سێ هێندی سەرەکی بۆ گۆشەپێدانی بەردەوامی زیرەکی دەستکرد وەبەرباس بکرێت، کە ئەمانەن: –

١- بڕوودان بە تێگەیشتنگەریی مەعریفی لە تێگەی ئاستەکردنی زیرەکی دەستکردووە بە قووکردنەوەی توانای مرۆڤ لە تێگەیشتن و بەیاردانی سەربەخۆدا، ئەمەش لە تێگەی ئاوێتەکردنی تەکنیکەکانی فێربوونی خودی و کارلێکی مەعریفیەوە، بە جۆرێک کە توانای شیکردنەوەی زانیاریەکان و بەیاردانی تێشنبینیانە بەهێز بکات. ئەمەش پڕۆپەدانی ئامرازە فێرکارییە دیجیتاڵییە پشکۆتووەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە دەگرێتەوە کە پشت بە زیرەکیی دەستکرد دەبەستن، بە ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە مەعریفەی زانستی و تێشنبینیی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر.

٢- بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی، کە تێیدا پێویستە چوارچێوەی ئەخلاقی و یاسایی توند دابنرێت بۆ ڕێکخستنی دیزاین و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد، ئەمەش لە پێناو مسۆگەرکردنی شەفافییەت، کەمکردنەوەی جیاکاری و پاراستنی مافە تاکەکەسی و گشتیەکان. هەروەها سیاستە ڕێکخراوەکان دەتوانن بەشداریی هاووڵاتیان لە بەیاردانی تایبەت بە ئەلگۆریتمەکان بەهێز بکەن، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجومەنی چاودێریی سەربەخۆ و میکانیزمی ڕووبەڕووبونەوە.

٣- بەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری بەردەوام و هاوسەنگی تەکنیکی؛ بەیەک پێویستە وەبەرهێنان لە زیرەکی دەستکردا بکرێت بە بڕوودان بە داهێنان وباشترکردنی بەرهەمهێنان و دابەشکردنەوەی سەرچاوە ئابووریەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، لەگەڵ دانانی بەرنامەی بە شیاندنەوەی هێزی کار و پڕۆپەدانی لێهاتوویی دیجیتاڵیەکان، بە دڵنیابون لەوەی کەلێنی نێوان تاکەکان و وڵاتان خراپتر نەبێت . "هەروەها پێویستە جەخت لەسەر ئاسایشی دیجیتاڵی و پاراستنی ژێرخانی هەستیار لە هێرشی تەکنیکیەکان بکرێتەوە، بە مسۆگەرکردنی بەردەوامی گەشەی ئابووری بەبێ زیانگەیاندن بە سەقامگیری کۆمەڵایەتی. جێبەجێکردنی ئەم دیدگا ئایندەیە پێویستی بە ڕێبازێکی فرە ڕەهەند هەیە کە پەروەردە و داهێنان و چوارچێوەی یاساییی و ئەخلاقیەکان و وەبەرهێنانی ئابووریی بەردەوام کەبکاتەوە. ڕێپێویستە کلتوورێکی کۆمەڵایەتی هۆشیار سەبارەت بە گرنگی زیرەکی دەستکرد بونی هەبێت، کە تێیدا نەک تەنها وەک ئامرازێکی تەکنیکی، بەڵکو وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و داهێنەرتر و گەشەسەندووتر سەیر بکرێت. لە کۆتایدا دەکرێت بگوترێت زیرەکیی دەستکرد هەڵگری بڕیارێکی یەکجار گرنگە؛ یا ئەوتا دەبێتە ئامرازێک بۆ فراوانکردنی ئازادیی مرۆڤ و

مەعریفەکەی و بەدیهێنانی دادپەروەری، یان دەبێتە هەکارێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستی و کۆنترۆڵکردن، ئەگەر بێت و پەیوەرە ئەخلاقی و سیاسییەکان لە ئارادا نەبن. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەوەدایە کە ئەم هێزە بۆ شێوەیەکی ستراتیژی ئاراستە بکات، بۆ جۆرێک کە مسۆگەریی ئەوە بکات سەردەمی ڕەشنگەریی نوێ بۆ کردار بێتە دی، نەک تەنها پێشکەوتنێکی تەکنیکیی بڵایەن بێت.

نووسینی: د . حسام الدين فياض – انفاس نت – من اجل الثقافة العلمانية وانسان ١٦ تشرين الثاني نوفمبر ٢٠٢٥
و . لە عەرەبییەوە (یاسین لەتیف)

نامەیەک بۆ نەوال سەعداوی (لە وەحیەکەی ئەزموونەوە).. و. لەعەرەبییەوە (یاسین لەتیف)

هەروا بە ڕەکەوت نەبوو کە تۆ هەر ئەمڕۆ ڕەیشتیت. تۆ دایکمان و دایکی بریندە کراوەکەمان بوویت، ئەمە ژنانی ئەم گۆشە ناخۆش و بەدبەختەی جیهانین. تووڕەیی تۆ هەمیشە لە ئەمەدا زیندووە. هەروەک خۆشویستیت.
(جەمانە حەداد)

پیاوان و ژنانی تونس بۆ نوال سەعداوی دەگرین و ماتەمینی بۆ دەگێڕن . فەیسبووک لە تونس بەهەی کەچی دوایی ئەم ژنە ئازایە گەی گرت، ئەم ژنە بوێرە هەندێک جار بۆ تەنها ڕووبەڕووی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتی خاوەن بڕژوەندیەکان و دەسەڵاتی ئەو نەریتانە بووەوە کە جەستەی ژنان ناشرین دەکەن. زۆر لەسەری دەنووسم. بۆ هەمیشە وەک ئەو دەنووسم. بۆ هەمان ئازایەتی و بوێری ئەو دەنووسم .
(ڕەجاء بن سەلامە)

ئەم نوسینە هەرگیز کۆتایی نایەت. بۆ نوال کە وەک تەوەکی هەمیشەیی لە دەمدا چێنراویت.. تەنها بۆ تۆ، نەک کەسی تر.

نەوالی بەرز .ەرنگ نەمتوانیبەت ەاستەوخۆ دەربارەی تۆ بنووسم، بەڵام من ئاوام، پێویستم بە کاتێ بە ئەوەی کارساتکانی لەدەستدان و خەمکان قبوڵ بکەم، چونکە مردنی تۆ شتێکی کاتی نییە کە لە شیعرەکان یان وتارێکدا جێگەی بێتەوە، یان بچێتە چوارچێوەیەکەوە لە دەقێک یان لە کتێبێکدا .. بۆیە لە بەردەستاتیم ببورە، و لە سنووری بەخشندەیم ببورە. چونکە تۆ لەوە گەورەتری وشەکان باست بکەن، هەرچەندە دەزانم کە تۆ ماوەیەکی زۆر زیاویت بۆ پێویستی بە هەموو ستایش و پیاهەڵدانێک.. بۆ ئەوەی هیچ شتێکمان لە داوا بکەیت، ئایا ئەوەی دەینووسم کەمێک مافی تۆ بەجێ دەهێنێت؟ هەرچەندە گومانم لەوە هەیە.
ناوی من مەجد حەمشێیە من لە ساڵی 2017 تەم ناسی . هەکارەکەشی ئەوەیە کە لە خەزانێکی خوێندەوار و ەەشنبیر لە دایک نەبووم، بۆیە تەم نەناسی. کتێب هەرگیز هاوڕێی خەزانە سادەکەی من نەبوو. بە بۆای ئەوان کتێب شتێک بوو کە "بیری لێنەئەکرایەوە" وەک میشەل فەکە دەڵێت. ئەوە یەکەم جارم بوو کە تەم خوێندەوە بە دوور لەو بۆچوون و پێشداوەریانەی کە لە بارەی تەوە هەبوون. ەەرەوە ئازاری لەدایکبوون دەستی پێکرد، لەدایکبوونێکی نوێ، وەک بڕێی تازە لە سکی دایکم هاتبێتەم دەرەوە. وشەکانت زۆیان لێدەدام و بەردەوام دەیهەژاندم، چونکە بە مرۆڤ قورسە هەمیشە ەاستی ببینێت… وەک هاشم ساڵح دەڵێت، کەشوهەوای ەاستی زۆر ساردە و ناتوانرێت هەمیشە لەگەڵیدا بژیت. جا چۆن دەبێت کاتێک لە هەر دەڵێکی نووسینەکانتدا تەم لەگەڵدایە. لەگەڵ هەڵدانەوەی هەر لاپەڕەیەکدا، تەنها یەک ەەنگ هەست پێدەکەم… ئەمەم زۆر جار بە خوێندکارەکانم لە زانکۆ دووبارە کردووەتەوە:
ەاستگەیی تەنها یەک ەەنگی هەیە.
بڕۆ، بەم جۆرە مامەستا نەوال فەری کردم…
تۆ بە دایکم بانگ دەکەم، چونکە هەر کاتێک سێیری تۆ دەکەم، هەست دەکەم ئازارەکانمت لە ئامێز گرتووە… هەست دەکەم لەم تێدەگەیت و من کوێی تەم کە لە جیهانێکی درێزن لە ەەژهەڵاتەوە تا ەەژئاوا ئازار دەکێشێت، وەک ئەوەی کەسێکیشت لە بەبەری نەکردووە .
چەند سەرسام بووم بە هەزت کاتێک ەەخنەت لە هەموو نەتەوەکان دەگرت لە کەڵکانی ەەژاوا و عەرەب و شیکردنەوەی سیاسەتە داگیرکاری و قەرخکاری و سەرمایەداریەکان… چۆن دەنگت بەرز دەکردەوە لە بەرامبەر جیهانێکی پیاوسالاریی و چینایەتی و سەرمایەداریدا.
بیرم دێت، پێش ئەوەی کتێبەکانت لە دەرگای ماڵەکەم بدەن، چۆن سێیری ژنانم دەکرد وەک "نیوەی کەمەگا"، ئەم دەربینە یان کلیشێیەم زۆر دووبارە دەکردەوە بەبێ ئەوەی ئاگاداری هیچ ئازارێک

بم کە ژنان دەیچێژن. بە بە ئاوەی بە هیچ شێوەیەک هەستیان پێ بکەم… بە بە ئاوەی وشکانت لە ناخمدا جێگا بکەنەوە و دەست لە ڕەحم بدەن . لە منداڵیەوە ئەم دەستواژەیەم فەر کرابوو: "ژن نیوەی کەمەگەیە." ڕۆژانە دووبارەم دەکردەوە بە ئاوەی گرنگی بە هیچ شتێک بدەم… لە ڕاستیدا، لە هەموو شتێک بە ئاگا بووم. هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ڕەوشی ژن ڕەنگە جیاواز بێت لەوەی کە هەیە؛ ئاو تەنها دایکێکی میهرەبان و بەخشندە و قوربانیدەر بە منداڵەکانی… ئاوا دەمدیت… هیچی تر جگە لەوە.
هەرگیز بە بیرمدا نەهات پرسیارێکی وا سادە بکەم: بۆچی مامۆستای پەل باسی لەفڕەکەوانێکی ئاسمانی ژن یان فەیلەسوفێک یان زانایەکی ژن نەکرد؟ چونکە نێرگەرایی زاڵ بووبوو بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانستدا و ژنی لە ژیانی دونیادا دەرکردبوو، وەک چۆن حەوا وەک تاوانبارێک دەرکرا.
ئەم بارودۆخە بۆلای منەوە بارودۆخێکی هەتاهەتایی و خودایی بوو، لەسەرووی ڕەخنەگرتن وپرسیارکردنەوە بوو… من ئاوا بووم پێش ئاوەی بە هەردوو دەستت ڕامبکەشیت بە جیهانی ڕاستیەکان… بە جیهانێک کە بیر لەوە ناکاتەوە چی باوە وەک "ڕازاوەیی عەقڵ". بەیە تە کەسێکی لاسار بوویت و خاوت لە نەدەکەوت لە ناو جێگاکانی دەنیایدا… قەڵەمەکەت بەردەوام هەموو گریمانەکانی دەخستە سەر مێزی نەشتەرگەری ڕەخنە و دەچووە قوڵایی ڕاستیەوە. نەوال پەمخێشە ناوت بنێم "کچی شەقام"، چونکە ئازارەکانمان دەنووسیت… بە زمانی ئەمە قسە دەکەیت. چۆن نا، لە کاتێکدا تە دژی ئەکادیمیا یاخی بویت کە هەمیشە بەوە تەمەتبارت دەکەردن کە ئەکادیمیا عەقڵ دەکوژێت لەژێر ناوی خودی عەقڵدا چۆن نا، لە کاتێکدا تە ئاو کەسە بوویت کە هەرگیز خەت ڕەنگاوڕەنگ نەکرد و هەرگیز خەت بەدەستەوە نەدا.
تە ڕووبەڕووی ئازار دەبووییتەوە بە ئاڕەنگاری، زەرداری بە زەردەخەنە و ، نەزانی بە زانین. تە لە جیهانێکدا کە پڕ بوو لە ڕق و کینە و خراپەکاری لەسەر خۆشەویستی دەنووسیت. ئەم ڕق و کینە شاو و ڕۆژ لەسەر شاشەکان و لە بازاڕەکان و لە کەبوونەوەکاندا نمایش دەکرێت و بەرهەم دەهێنرێت و هەناردەی دەکرێت بە هەموو گۆشەیەکی زەوی و دژی مرۆڤدۆستە ڕاستگۆ و پاکەکان دەجەنگێت. ئاوانەی وشکانیان و کردەوەکانیان بە کەس نافرۆشن… ئاوانەی گرنگی بە ژیانێکی دووانە نادەن… ئاوانەی تەنها یەک ڕوویان هەیە. تە وەک کەسێک بوویت کە گوێی لە زەنگاوی نەزانی چاندبێت، و قووڵایی خاکەکەی هەڵکەندبێت و هەموو پیسیەکانمانی هەناوە سەر ڕووی زەوی . ئایا دەزانیت بۆچی لێت دەترسن؟… ڕاستی ترسناکە نەوالی شیرینم… ناتوانرێت لەگەڵیدا بژی، جا چۆن دەبێت ئاگر لەسەر زمانی ژنەکەوە

